

مستەفا ساڵح کەریم

# باوەڕنامەی لەدایکبوونی گوڵێک

١

ئەحمەد، لە پوورەهەنگی سەریدا، هاتوچۆی بەسەر توولەماری دوودڵی خۆیدا دەکرد، پوورەهەنگەکە بریتی بوو لە ژاوەژاوێکی وا کە بڕیارێکی یەکسەری تیا ئەگیرسایەوە... پاش تۆزێک زانیی کە دوو قۆپچەی کراسەکەی تاکە تاک داخستووە، پێکەنینی بە خۆی هات، سەری هەڵبڕی، خۆی لە ئاوێنەی پێشی کانتۆرەکەدا بینی و سەرێکی

بادا. «ئیمجا من چۆن شوو بە لاتێکی وا دەکەم.. لاتێکی وا».

– یادێکی تاڵە». سەعاتی قەد دیوارەکە چاوێکی لێ مۆڕ کردەوە «بە دە دەقیقە دەگەم».

– گۆرەوییەکانم.. لەگەڵ تۆمە گۆرەوییەکانم، سەرەخولێم پێ کەوتووە ئەمە کەی ماڵە؟

– مەیکە بە هەرا، نەڕەنەڕی چیتە، خەریکی گەڕەکە ماڵێک دەهێنیتە سەر خۆت! دەستی لە حاجەت شتنەکە هەڵگرت و هاتە ژوورەوە لە ژێر چرپاکەدا گۆرەوییەکانی بۆ دەرهێنا و دایە دەستی:

– ئەوەندە سەرت قاڵە، نازانی شتەکانت لە کوێ فڕێ دەدەی: لەبەر هەیوانەکەدا جگەرەکەی داگیرساند و دوو مژی لێ دا و خەریک بوو دەچووە دەرەوە.

– ناڵێم سەرت قاڵە، بەم رەمەزانەتییە خەریکی بە فیشەفیشی جگەرەوە دەچیتە دەرەوە.

بە تووڕەییەوە جگەرەکەی فرێ دا و بە بنی پێڵاوەکانی پانی کردەوە و خەریک بوو دەست بۆ دەرگاکە بەرێ.

– بیرم نەبوو پێت بڵێم... بەشکو بە حاجی شەریف بڵێی ربەیەک برنجمان بۆ بنێرێتەوە.

– ئێ!

«دەمێکە دڵم بەو تەخت سەوزە گوڵ پەمەییەدا چووە، بەیانی بە باوکی ئاسۆ دەڵێم، »

– ئێ چی ترا درەنگمە بۆ وا حەپەساوی؟

– پێنج دیناریشم بۆ دانێ، دەیبەم بۆ عەباس، هێشتا پارەی مانگی پێشووشم نەداوەتێ، بابەتی زۆر جوانیشی بۆ هاتووە، بەشی کراسێک دەهێنم.

– پێم نییە

– پێنج دینار لە باخەڵتا نییە و لافی شتی زلیش لێ دەدەیت، بۆ بەزمی خۆت هەتە، خوا ئەم حاڵە ببڕێ.

– بۆیە لافی شتی زل لێ دەدەم چونکە نیمە، تێ گەیشتی، درەنگیشمە دوام مەخە.

***

بە ددان نینۆکی دەقرتاند و لەبەرخۆیەوە بۆڵەی دەهات، ڕێبوارێک لێی ورد بووەوە و «ئەم وردبوونەوەیە لەوە دەچێ ئەم کابرایە بە شێتم بزانێ زەردەخەنەیەک گرتی. دارەمەیتێک و عەشاماتێک بەرەو رووی هاتن، هەستی کرد لە ناخەوە چنگێکی تیژ دڵی دەگوشێت. «مردن، چ ژیانێکی قۆڕە! دەبێ کێ بێ، گەنجە، پیرە، ژنە، پیاوە، پێویست ناکا بپرسم». بەرلەوەی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، کە ئاوڕی بەلای راستیدا، دایەوە پۆلیسێکی سمێڵ بۆیەکراوی دی، کوتوپڕ ئەوەی لە چاویا خوێندەوە کە پیاوێکی بێ بەزەییە، کە گەیشتە بەر قاپییە گەورەکەی کارگە

لەسەر دیوارەکانی بە خەتێکی گەورە و بە بۆیەیەکی سوور نووسرابوو: هەڵبژێرە، لیستەی خۆتە و لە خۆتەوە بۆ خۆتە، خۆی بە خۆی گوت «سیاسەت پیاوی خۆی دەوێ».

***

ئەحمەد، ئەو رۆژە هەزار تاوتووی بە مەکۆی لێکدانەوەی کرد، پەنجەرەکەی کردەوە، دای خستەوە، لە مەکینەکان دوور کەوتەوە، پاکەتەکەی دەرهێنا، جگەرەی تیا نەمابوو، بە پەستییەوە فرێی دایە ناو

سەبەتەکەوە.

– دەبێ بەرۆژ و بێ وا بێتاقەتە.

– نەء.. کوا بەرۆژووە، پێش تۆزێ لە دەرەوە جگەرەی دەکێشا.

– ئەی بۆ وایە؟

– دەبێ لە ماڵەوە قڕەی بووبێ. کە سەیرێکی ڕۆژژمێرەکەی کرد زانیی دووشەمەیە، تاسێک بردییەوە "وەکو دەڵێن!" دووشەمەی پێوە نایەت، لە دووشەمەیەکدا، باوکی مرد، بێ ئەوەی بزانێ بۆچی هەستا چووە دەرەوە، لە ڕاڕەوەکەدا تووشی برایم بوو جگەرەیەکی لێ سەند و دای گیرساند، مژێکی لێ دا، دوو ئامشۆکاری کارگەی بەلادا تیپەڕ بوون، یەکێکیان بەوی تریانی گوت: چ بڕیارێکت دا؟ ئەم لە خۆیەوە کە گوێی لە بڕیار بوو داچڵەکی.

– بۆچی؟

– بۆ خانووەکە.

دووانەکە بەرەو دەرەوە دەڕۆیشتن «چ بڕیارێکت دا؟» مێشکی ئەحمەدی دەکرۆشت، هەزار هەڵبەز و دابەزی بە دڵی دەکرد «چ بڕیارێکت دا؟» وەک دەنگی دێوێک لە کاژە لاکی سەریا بزرنگێتەوە وابوو، لەو کاتەدا گوێی لە هەرچییەک دەبوو ئەم لەهەڵوێستی خۆی دا دەیبینیەوە.

١– لە بیرت نەچێت.

٢– درۆ نەکەی.

٣– ئا... ئا خۆ گاڵتە نییە.

٤– کێ دەڵێ: تا سبەینێ دەمێنی.

٥– ڕێگایەکی سەختە. گەڕایەوە ژوورەوە، بۆ یەکەم جار لە ژیانیا دەکەوێتە ناو گێژاوی تاقیکردنەوەیەکی واوە، یەکەمین جارە فەرمانی ڕاسپاردە خراوەتە ئەستۆی «چی بکەم؟ چیم کرد بە خۆم؟ وام دەزانی جادەکەی هەروا تەخت دەبێ، ئێستا بە قسەیان دەکەم تووشی هەزار فەلاکەت دەبم و ئەگیرێم و ڕەنگە دەریش بکرێم لە ئیش، ئەی مناڵەکانم، کێ بەخێویان بکات؟ کێ لایەکیان لێ بکاتەوە، ئەی "ناهی" هەی هەی! ئەی ئەو کێ داخوازییەکانی جێبەجێ بکات؟ بە قسەشیان ناکەم هەزار ناو و ناتۆرەم دوا دەکەوێ، بەخوا چاک تووش بووم.. چاک». یەکەمیان– پیاو بە، خاوەنی هەڵوێستێک بە لە ژیانتا. دووەمیان– کێ عانەیەک بە کێ دەدا؟ یەکەمیان– پەنجەکانت داگیرسێنە و بیانکە بە چاوی

شەوا دووەمیان– پاڵی لێ بدەرەوە، چیت داوە لەم دەردەسەرییە.

***

کە لۆژەلۆژ ملی ڕێگای گرتە بەر بۆ ناو بازاڕ، ئەحمەد دوو ئەحمەد بوو، ئەحمەدێکان دەستی بە کڵاوەکەی خۆیەوە گرتبوو با نەیبات ئەوی تریشیان دەستی لێ بەردابوو کە با بیبات.

– حاجی، بەشکوو ڕبەیەک برنجمان بۆ بنێریتەوە. ئەحمەد، بەدەم ڕێگای ماڵەوە، حسابەکەی لەگەڵ ئەحمەدەکەی تردا بڕاندەوە، هەر کە خۆی کرد بە ماڵا بانگی کرد:

– ناهی.. بڕیارم دا

– بڕیاری چی باوکی ئاسۆ؟

– هەڵی ئەبژێرم

– کێ هەڵ دەبژێری؟ نازانم دەڵێی چی.

– لیستەکەی عەبدوڵا هەڵ دەبژێرم.

– عەبدوڵا کێیە؟ پیاوەکە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟

– ئەی خانم، من هەفتەیەکە گێژی چیم، هەفتەیەکە دەڵێی بەسەر دنیاوە نیم، دەزانی بۆ؟ لەم ڕۆژانەدا هەڵبژاردنی "نەقابە"مان هەیە.

– جا تۆ بڕیارت لەسەر کامیان داوە؟

– ئەی پێت ناڵێم، لیستەکەی عەبدوڵا، واتە لیستەی میری.

– بەخوا، ئەمە یەک ببینم شتی چاک بکەی، تۆ خاوەنی ژن و منداڵیت چیت داوە لەم بەزمە.

«وەک کەسی تر ژن و مناڵی نەبێ». ئەحمەد، ئەو شەوە هەر کە سەری نایە سەر، سەرینەکەی دەمودەست خەوی لێ کەوت.

**تێبینی یەکەم:**

ئەحمەد لەخەویا، خۆی دەبینی دەفڕی، لیستەکەی عەبدوڵای ماچ دەکرد، خۆی و ناهی و منداڵەکانی سواری کورسی کورسی بووبوون ئەمجا خۆیان لە ئوورزدیباکی بەغدا بینی بە دڵی خۆیان جل و بەرگ و شتی جوانیان دەکڕی لە خەودا لە دنیایەکی تردا بوو.

٢

دەمەدەمی ئێوارە بوو، تۆپی بانگ چاوەڕوانی خۆرئاوا بوو، خەڵکەکەش چاوەڕوانی گرمەی ئەو بوون، دایکی "دلێر" خەریکی ڕێکخستنی خوانی بەربانگ بوو، دلێریش لە پشت هەیوانەکە، کۆمەڵێ کاغەزی لە بەردەستا بوو، خەریکی نووسین بوو، لەگەڵ زرمەی تۆپەکەدا لە زیلی دەرگای حەوشەیان دا، لە دەست و بردێکی خێرادا، کاغەزەکانی کۆ کردەوە، خستییە ژێر ئەو خشتەوە کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا هەڵی کەندبوو، کە دەرگاکەی کردەوە "تریفە" خۆی کرد بە ژووردا، لەو کاتەشدا دایکی دلێر نوێژی دابەستبوو.

– مامۆستا ڕێبوار ناردوومی کە بە پەلە بێم و پێت بڵێم دوو ڕۆژتان ماوە بۆ هەڵبژاردنی نەقابە دەبێ لەم دوو ڕۆژەدا هەوڵێکی زۆر بدەن.

– بێگومان، ئەمە ڕاستە، هەرچەندە هەندێ دوودڵ و ڕاڕاشمان تیایە، بەڵام دڵنیام کە لیستەکەی عەبدوڵا سەر ناکەوێ  و ئەنجامی دۆڕاندنە.

– دایکی دلێر سڵاوی نوێژەکەی دایەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی تریفەی کرد.

**تێبینی دووەم:**

دایکی دلێر لەو دایکە هەڵکەوتووانە بوو کە لە ڕۆژانی تەنگانە و سەردەمی تاریکیدا، بە. داخەوە پار زستانێ لە کاتی بەفرە زۆرەکەدا کۆچی دوایی کرد و بە سەیوانمان سپارد. دایکی دلێر نەیهێشت "تریفە" بە تەنیا بڕواتەوە، دلێری لەگەڵانارد، کە چوونە دەرەوە بەدەم ڕێگاوە زۆر قسەیان کرد و زۆریش لەم هەڵبژاردنە دووان، لە گەڕانەوەدا، دلێر لە سەری کۆڵانەکەدا دایکی "بەکر"ی دی کە لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە "حلفی بەغدادا" شەهید کرا ئەم بینینە ئەوەندەی تر تین و تەوژمی دا بە گیان و بیری، ئەوەندەی تریش لێوی ڕقی لە ژندرمەکان دەکرۆشت. کە شەوێ سەری نایە سەر سەرین، لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا دەژیا، تلایەوە، نەنووست، ئەم دیوە و دیوی کرد، تا بەدەم بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە خەوی لێ کەوت.

**تێبینی سێیەم:**

دلێر لە خەویا، قاچێکی بڕا بووەوە و بە دارشەق دەڕۆیشت، هەر لە خەوەکەیا لە بیرێکا بوو بە حاڵ نووزەی دەهاتە دەر جوانەمەرگەکەی دی گوتی: من تووشی وەناق بووم، تۆ ئاگات لە خۆت بێت، لە خەویا لیستەکەی عەبدوڵای دەدڕاند و لە قەڵان دۆشکانی

کرێکارێکا هاواری دەکرد لە خەویا بە خوێن دەموچاوی دەشوشت.

٣

لە زیندانێکی تاریکا کە تیشکی خۆر بە دزە دزەشەوە خۆ ی پیا نەدەکرد، لە زیندانێکا کە دەرگا و پەنجەرەکانی لە دیوارەکانی وەڕز بووبوون، لەو شوێنەدا دوو لۆزەندەر کەوتبوونە وێزەی دلێر.

– بڵێ.. دەی بڵێ.. کێ فێری کردن مان بگرن و بەرهەڵستی فەرمانی میری بکەن، بەرازینە کێ؟ لە ناو چەپکی ئازار و ئێشدا، چاوەکانی تریفەی بینی. «دلێر، تۆ بڵێی ئەم زیندانە گەورەیە نەڕوخی و هەموو ئاسمان نەگرینە باوەش».

«تریفە، نائومێد نیم، هەر دەبێ بڕوخێ».

– نمەک بە حەرامینە، ئێوە هەقی شاربەدەرکردنتان هەیە، لە ئاژاوە بەولاوە چی تر دەکەن .. ها.. بیگرە.. ها بیخۆ ئەڵقە لە گوێ..

«دلێر با ئەم ئەڵقەیەت پێشکەش کەم بۆ یادگار و لە بیرت نەچم».

– ئەمە حاڵە ئێوەی تێدان، وا ریسوا بوون. «دلێر نەکەی خۆت ریسوا بکەی، نەکەی ناوت بزڕێنی، بناغەی خۆشەویستیمان لە زەمینەی نیشتمان پەروەریدا هەڵکەندووە ... نەکەی» ئاگری جگەرەی چەتەوڵەکان لەشی دلێری بۆ ئازار نیشانە دەکرد.

– کرێکارێکی سپڵە و خۆی لێ کردووین بە مامۆستا. «مامۆستا رێبوار دەڵێ: من دڵنیام کە دلێر سەر دانانەوێنێ».

**تێبینی چوارەم:**

لە نیوەڕۆیەکی ناوەختا، خەبەریان دامێ کە مامۆستا رێبواری حاجی قادر لەسەر شەقامی پیرەمێرد و لە خوار کتێبخانەکەوە بە گوللە سەرسنگیان سمی، لە کاتێکدا کە فەرمانێکی زۆر گرنگی بەدەستەوەبوو. شەوگار، دوو بەشی رۆیشتبوو، کە بە لەشی چنراوەوە پەلیان راکێشا و فڕێیان دایە ژوورێکی تاریکەوە و دەرگاکەیان لەسەر کلۆم کرد، بە پەل کوتاندن و خۆ کێشکردن دەستی بەر زەلامێکی کە، کەوت پێش ئەوەی لەگەڵیا بدوێ دەرگاکە کرایەوە و بەپاڵ زەلامێکی تریشیان فڕێ دایە ژوورەوە.

– کاکە تۆ کتێب.

– دلێرم، دلێری مەلا ئەوڕەحمان.

– بۆ وایان لێ کردوویت

– عەبدوڵا و لیستەی عەبدوڵام هەڵنەبژارد دلێر تینی دا بەخۆی تا خاوەن دەنگەکە بجووڵێنێ

– تاریکە، چاوم لە کەستان نییە، ئەی تۆ کێیت؟

– من ئەحمەدم، نامناسی کاک دلێر، ئەحمەدی سۆفی رەشید زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوە وشکەکانی

– جا تۆیان بۆ گرتووە برا؟ من عەبدوڵا و لیستەی عەبدوڵام هەڵبژارد.

پیش ئەوەی دلێر هیچ وشەیەکی تر لە دەمی بێتە دەرێ ئەمان وایان زانی لە ئەنجامی لێدانا تێک چووە.

– رەنگە لە دڵی خۆتانا بڵێن شێت بووە، نەء، کاکە شێت نیم و تێکیش نەچووم پێکەنینەکەم زۆر لە جێگای خۆیایەتی، تۆیان نیوە مردوو کردووە چونکە "عەبدوڵا"ی نامووبارەکت هەڵنەبژاردووە، تۆشیان لە خشتە بردووە کە "عەبدوڵا" هەڵبژێری و لە ئەنجامیشا بەرەو ئێرەیان راپێچ کردی ئەی ئەبێ من بۆ گیرابم، خۆ من "عەبدوڵا"م وام زانی خانووم ئەدەنێ و...

لەم سەرچاوەیەوە گواستراوەتەوە:

کۆواری بەیان، ژمارە ٦٠ ئاداری ١٩٨٠، بەغدا ل: ٥٦ تا ٥٩ .